ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

# کورد و ئیسرائیڵ
## (ماتەوزەی پەیوەندییەکی ستراتیژیک لە سووریا)

ڕەنج نەوزاد

کاروباری جیهانی • تایمزی ئیسرائیڵ ـ Times of Israel



# ئیسرائیلٚ و کورد: ماتەوزەی پەیوەندییەکی ستراتیژیک لە سووریا


## ڕەنج نەوزاد



Times of Israel

مارسی 2025

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

کاروباری جیهانی


ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

دارمانی رژێمی ئەسەد لە سووریا، دەستکەوتێکی گرنگ بوو بۆ ئیسرائیڵ، چونکە زەبرێکی قورس بوو بۆ بەرەی بەرخۆدانی ئێران و ڕێڕەوی پاڵپشتی ئێران و حیزبوڵای بەرەو گرفت برد. بەڵام، داهاتووی سووریا، تا ئێستاش ئاڵنگاریی زۆری بۆ ئیسرائیڵ تێدایە. دووای کەوتنی ئەسەد، هەیئەتی تەحریری شام، کۆنترۆڵی دیمشق و بەشێکی گەورەی سووریای کرد و ئەبوو محەمەد جۆلانی خۆی وەک سەرۆککۆمار ناساند. ئەم گۆڕانکارییە لەبەر چەند هۆکارێک ئاڵنگاریی نوێ دەخاتە بەردەم ئیسرائیڵ: تەحریری شام، ڕێکخراوێکی تێرۆریستییە کە لە جەبهەی نەسر، لقی پێشووی ئەلقاعیدەوە سەرچاوەی گرتووە. ئایدیالۆژی ئەم ڕێکخراوە بەقووڵی دژەجوو و دوژمنی ئیسرائیلە. بەدەرلەمەش حکومەتی جۆلانی، لەلایەن تورکیا و قەتەرەوە پاڵپشتی دەکرێت و هەردووکیان پشتگیری لە ڕێکخراوی حەماسیش دەکەن و لێدوانی دوژمنکارانەیان دژ بە ئیسرائیڵ هەیە. هاوکات، سووریا لە دۆخێکی ناسەقامگیری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدایە و چەندین گرووپی چەکدار، تا ئێستاش لە کاردان و ئەمەش دەوڵەتی هەنووکەیی سووریا خۆبەخۆ -و بەڕادەی ڕژێمی ئەسەد- دەکاتە دەوڵەتێکی پێشبینینەکراو و ترسناک.

**ئیسرائیڵ و کورد: بەرژەوەندیی هاوبەش**

چەندین چەکداری جۆراوجۆر لە سووریا بوونیان هەیە: بەڵام سێ گرووپی سەرەکی و بەهێز ناوچەیەکی فراوانی خاکی سووریایان کۆنترۆڵ کردووە: هەیئەتی تەحریری شام، سوپای نەتەوەیی سووریا و هێزەکانی سووریای دیمۆکراتیک.

وەک باس کرا، تەحریری شام وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناسێنراوە، سوپای نەتەوەیی سووریا، گرووپێکی ئیسلامی ڕادیکاڵی سەر بەتورکیایە و هەڵوێستی سەبارەت بە ئیسرائیڵ، هاوشێوەی گرووپە توندڕەوەکانی دیکەیە.

لەم ناو ئەم گرووپانەدا، تاکە هێز کە دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسرائێڵ نییە، هیزەکانی سووریای دێمۆکراتیکە، بگرە بەدووای پەیوەندیشدا دەگەڕێت لەگەڵ ئیسرائیڵ و تێڕوانینێکی کراوەشی بۆ ئەو پەیوەندییە هەیە. هێزەکانی سووریای دێمۆکراتیک، تاکە گرووپی سێکۆلاری سووریایە، چونکە نە توندئاژۆیە و نە دینییە. لەلایەکی دیکەشەوە هەسەدە هاوپەیمانی سەرەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە سووریا، لەڕووی مێژوویەوە، پەیوەندی ئیسرائیڵ و کورد دوورە لە دوژمنایەتی و گرژی؛ و هەردوولاش بەزۆری هاوسۆز و خاوەن بەرژوەندیی هاوبەشن.

هەم ئیسرائیڵ و هەم کورد لە سووریا، دوو هەڕەشەی سەرەکییان لەسەرە: یەکەم، گرووپە جیهادییە توندڕەوەکان، کە هەم دژ بە ئەتۆنۆمی و هەم دژ بە ئاسایشی ئیسرائیڵن و دووەم هەڕەشەی پاوانخوازیی تورکیا لە ژێر سەرکردایەتیی

ئەردۆغان، کە هەم هەڕەشە لە ئۆتۆنۆمیی کورد و هەم بەرژوەندییەکانی ئیسرائیڵ دەکات لە ناوچەکەدا. بەلەبەرچاوگرتنی ئەم نیگەرانییە هاوبەشانە، درووستکردنی هاوکاریی و پەیوەندیی دوولایەنە زۆر گرنگە. کورد دەتوانێت ببێتە هاوپەیمانیی سەرەکی و متمانەپێکراوی ئیسرائیڵ لە سووریا، هاوپەیمانێک کە هەم بەهێز و هەم کاریگەر بێت. ئەم یەکێتییە بۆ ئیسرائیڵ گرنگییەکی سیاسی بەرچاوی هەیە و هاوکات دەوەستێتەوە لەبەرامبەر پاوانخوازی تورکیا و دەوڵەتی نوێی سووریا.

لەم بەستێنەدا، کورد پێویستییەکی زۆری بە پشتگیری ئیسرائێل هەیە لە بوارە جیاوازەکاندا. بۆ نموونە مانەوەی کورد لە رۆژاوا، بە پلەی یەکەم بەستراوە بە هێزەکانی ئەمریکاوە لە سووریا. لەم ئاراستەیەدا ئیسرائیڵ دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە ڕازیکردنی دۆناڵد ترامپ تاکوو هێزەکانی نەکشێنێتەوە. پاشەکشێی هێزەکانی ئەمریکا دەتوانێت وەک گڵۆپێکی سەوز بۆ تورکیا و تەحریری شام و میلیشیاکانی لایەنگری تورکیا بێت تا هێرشی فراوان و کاولکار بکەنە سەر ناوچە کوردییەکان.

لە سیناریۆیەکی لەم جۆرەدا، هێزەکانی سووریای دێمۆکراتیک بە سەرکرایەتی کورد، ڕەنگە ناچار بن، بەرگری لە هەرلایەنێک بکەن و ئەمەش دەرفەتێک دەکاتەوە بۆ ئێران تا لەڕێگەی پاڵپشتی لە کورد لە بەرامبەر تورکیا و میلیشاکان، هێزی خۆی لە سووریا نوێ بکاتەوە، بەتایبەت کە ئێران دەتوانێت لەڕێگەی خاکی عێراقەوە بە

ئاسانی دەستی بە ناوچە کوردییەکانی سووریا بگات. ئەم ئەگەرە، هەڕەشەیەکی جدی و ڕاستەوخۆیە بۆ ئیسرائیڵ، بەتایبەت ئەگەر ئێران بتوانێت دیسانەوە ڕێڕەوی لۆجیستیکی و هاوکاری خۆی لەگەڵ حیزبوڵا بکاتەوە.

بۆ وەبیرهێنانەوەش، ئەگەر لێکچوونی زۆری نێوان کورد و دروزییەکانی سووریا لەبەرچاوبگرین، گۆڕانکارییەکانی سوریا دەتوانێ هەلێک بۆ درووستکردنی یەکێتی نێوان کورد و دروزی بەپاڵپشتی ئیسرائیڵ و ئەمریکا ئامادە بکات. هەردوولا کەمینەن، هەردوولا لە دەوڵەتی نوێی سووریا دەترسن و هەردوولا گرووپی میانڕەو و لایەنگری ئەمریکا و ئیسرائیڵن. ئەم یەکێتییە، ناوچەکانی دروز لە باشووری سووریا -لە سنووری ئیسرائیڵ- لەگەڵ ناوچە کوردییەکانی باکوور و رۆژهەڵاتی سووریا لە یەک دەبەستێتەوە. لە ئاکامدا، سنووری سووریا و عێراق دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی هاوپەیمانی نزیک لە ئیسرائیڵ و ئەمریکا، و بەم کارە ڕێگە لە گەڕانەوەی دەستێوەردانی ئێران بۆ سووریا و لوبنان دەگرێت. هاوکات ئەم یەکێتییە دەتوانێت کەمینەی عەلویش لەخۆبگرێت، لەبەرامبەر دەوڵەتی نوێی سووریا بیانپارێزێت و لە ئێران و حیزبوڵا دووریان بخاتەوە. دەبێت ئەوەش لە بیرنەکەین کە بنکەی سەربازی ئەمریکا لە تەنەف، لە سنووری عێراق و سووریا جێگیر کراوە و توانای ئەوەی هەیە پەیوەندی نێوان کورد و دروزەکان ئاسانتر بکات و ئەم بنکە سەربازییە لەگەڵ بنکە سەربازییەکانی دیکەی ئەمریکا -لە باکوور و خۆرئاوای سووریا- بە یەکتر گرێبدات.

بۆ ڕێگری لـە درووسـتکردنی ئـەم نـزیکایەتییە سـتراتیژیکە، تـورکیا هـەنـگاوی زۆر و جۆراوجۆری بۆ دابڕینی ئیسرائیلّ و کوردەکان هەڵگرتووە، وەک پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا کە پەیامی عەبدوڵا ئۆجالان، ڕێبەری بەندکراوی حیزبی کرێکارانی کوردستانی لێکەوتەوە و داوای چەکدانان و هەڵوەشانەوە پارتەکە و هاوکاری کوردەکانی کرد لەگـەڵ تـورکیا. ئـەم هـەنـگاوە هۆکـاری سـەرەکیش بـوو بۆ واژۆکـردنی ڕێکەوتنێکی هـەشـت خـاڵەی نێوان هێزەکـانی سـووریای دێمۆکراتیک و ئـەحـمەد شـەرع، بـە سەرپەرشتی ئەمریکا. پاڵنەری سەرەکی مەزڵووم عەبدی، خۆدوورگرتنی هێزەکانی هەسەدە بوو لە خواستی ئۆجالان بۆ چەکدانان، کە بە ئەگەری زۆر لە ژێر گوشاری تورکیادا خراوەتەڕوو.

سەرباری ئەمانەش، ماتەوزەیەکی بەرچاو بۆ هاوکاریی ئیسرائیلّ و کوردەکان بوونی هەیە، چونکە پرۆسەی بەناو ئاشتی و ڕێکەوتنی لەرزۆکی نێوان مەزڵووم عەبدی و ئـەحـمەد شـەرع، ڕەنـگە هـەڵبوەشێن؛ بـەڵام بۆ بـەدیهێنانی ئـەم مـاتـەوزەیە، هەردوولایەنی ئیسرائیلّ و کورد دەبێت هەنگاوی جدی هەڵبگرن.

---

سەرچاوە:

https://blogs.timesofisrael.com/israel-and-the-kurds-potential-for-a-strategic-relationship-in-syria/

* ڕەنج نەوزاد لێکۆڵەری دوکتۆرا لە زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لە زانکۆی وارشۆ، لە وڵاتی پۆڵەندا.